هیچ شتێک وەکو ڕەوشت جوانی لە تەرازوودا قورس نییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخوای گەورە ڕقی لە کەسی جوێندەر ودەمشڕە

لە ئەبی دەردائەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ شتێک وەکو ڕەوشت جوانی لە تەرازوودا قورس نییە لە ڕۆژی قیامەتدا، وخوای گەورە ڕقی لە کەسی جوێندەر ودەمشڕە».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە قورسترین شت لەسەر تەرازووی بەندە لە ڕۆژی قیامەتدا لە کردەوەکان وقسەکان بریتیە لە ڕەوشت جوانی، ئەمیش بە ڕووو خۆشی، وئازار نەدان، وچاکەکاری دێتە دی. خوای گەورە ڕقی لە ئەو کەسەیە کە کردەوە وقسەی ناشیرینە، ودەمشڕە وزمانی پیسە لەو قسانەی دەیڵێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5371